* ئەزموونگەری چییە؟ بە ماناچی دێت ؟ … ببازمحەمەد جەزا

چاخی ڕێنسانس لەئەورووپا (بووبەخاوەنی هەوتەکی پڕاوپڕی سروشت ، لەگەڵ نەریتی زانستی و میتۆدی وگشتگیردا، هەوتەك، لەپاڵ لایەنە زانستی و ئەزموونگەریەکەیدا ، ژمارەیەکی زناکی میتافیزیکی)بوو .(1)

ڕۆژێك بوو ، بیرۆای "کۆپەرنیکەس" سەبارەت بە خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا ، بەبیرو ڕایەکی سەیرو شڵەژێنەر لەقەڵەم ئەدرا . لەبەرئەوە تەنگی بە دەسەڵاتدارانی ئەوسەردەمە هەڵچنی و کڵێسەپەرستان پێیان قبوڵ نەئەکرا. بۆیە لەسەرانسەری ئەورووپادا کەوتە بەرلێشاوی تانەو تەشەری دەسەڵاتدارانی فاتیکان و زانایانی لاهوت و ئەنجامیش ئەو بیرۆا نوێیانە هەل و مەرجی سەرکەوتنیان بۆنەڕەخسا..(2) پاشتر بەهاتنی گالیلێو پاشان نیوتن و پاسکاڵ و زاناکانی ترو لەوێشەوە لەفەلسەفەدا دیکارت و هەندێك لە بیریارانی ئەو چاخە لەوانە فەیلەسوفە ئەزموونگەراکانی وەکو (لۆك وهیوم و ….هتد) .

زاراوەی ئەزموونگەری (EXPERIMETAI) کەزاراوەیەکی زانستیە و (داروین) لەتیۆری گەشەسەندن (التحول) دا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بەکاریهێنا (…)(3) دەتوانین لە ڕیشەو ڕەچەڵەکی وشەی ئەزمانیی erfahrung بەواتای ئەزموون یارمەتی وەربگرین . ئەو وشەیەلە fahren وە دێت کەلەبنەڕەتدا ، لەدوو گۆڕی واتایی جیاوازدا بەکاردەهات : یەکەمیان ڕادان و دووەمیان سەفەرکردن . ئەمە جگەلەوەی ئەزموون لەهەناویەوە جیابوەوە ، سەفەرکردن ، چوونەجێیەکی دیکەیە (4). هەروەها (کلۆد بڕنارد)لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (پێشەکیەك لە لێکۆڵینەوەی زانستی پزیشکی ئەزموونگەری) بەکاریهێنا ، ئەم زاراوەیە لە هونەری پلاستیکادا لەسەدەی نۆزدەدا لەلایەن بزوتنەوەی (انگباعی) یەکانەوە لەسەردەستی (مانیەومانیە) کاریپێکراو بەکارهات ،(…) بەمەبەستی دژینەوەی فۆرم و شێوازی نوێ کەپشت بەستووبوو بەتیشکی ڕۆژو تیشکدانەوەی لەسەرسروشت یاخود پێشکەشکردنی

(1) سردار محمود ، صیغ الاداو التمپیلی فی العرچ المسرحی الکردی، رساله المجستیر(غیرمنشوره)ص 37

(2) (بەکر ئەلشەرقاوی) ، پێشەکی (شانامەی ژیانی گالیلێ) : وەرگێڕانی: فؤاد مجیدمیسری ل18
(3) بورهان قەرەداغی ، شانۆکاری کورد لەیەتەبیای ئەزموونگەریدا ، ل12
(4) مەسعوود بابایی ئەفراندن و ئازادی (باستەوەرەکانی هەرمنیوتیك و جوانیناسی)، بابەك ئەحمەدی ، وەرگێڕانی : ل89

(شۆوازێکی نوێ لەنمایش بەو کەرەستانەی کەناباون)،بۆنمونە ئەگەر (گرازیەت)مان دانا وەك ڕووگەیەکی لاسایگەری ،ئەوا ڕۆژێك لەرۆژان هاتنەدەرەوە لێی دادەنرێت بە کارێکی ئەزموونگەری (…) جۆرێکی ترکەکاری تیادەکات (گۆینی شۆنی نمایشەو پەیوەندییەتی بەبینەرەوە) (1) ئەزموونگەری لەبواری شانۆدا دەگەڕێتەوە بۆ(سالی 1880″ئەمیل زۆلا” بەکاریگەرێتی تیۆرەکانی “دارویـن ” و “کلۆد بێرنارد” زاراوەی (زانستیەرمان)ی داهێنا (…)بەیانناممەیەکی بەناوی(سروشتیە لەشانۆدا – الگبیعیە فی المسرح) بڕاوکردەوەو تیایدا بانگەشەی بۆپشکەشکردنی مرۆڤ بەوشێوە سروشتیەی کەلەژیاندا هەیەتی کرد (2) ئەزموونگەرێتی لەشانۆدا بەوەدیاریدەکرێت لەشانۆدا کە بە بیرکی ” یاخیانە لە دەزگا شانۆیی باوەکان و کۆنترۆڵکردنی جیهانی سانۆ لەواقعکی ڕشنبیری دیاریکراودا و بەململانێکردن بۆ دەرچوون لەوتەقلیدە هونەریە خووپێوەگرتووە و خواستی هەگەڵانەوە وزووبۆداربووونەوە وکەشفکردنی جیهانە نادیارەکان و تەوق دانیان بە خۆنی نوێ وروئیای تازە لە ێشەی بزوتنەوەی شانۆیی کە کرچ و کاڵبووە یان کۆنترۆڵکردنی ڕحی بازرگانیانە (3) هەرلەم بارەیەوە(هەندك کارەکانیان لەسەر شانۆی عولبەی ئیتالی نمایشدەکەن ، هەندکی تر لەدوای شۆنی ناباودەگەڵن تاگوتارەکانیان لەسەردامەزرێنن)،(4)ئەزموونگەری لای “بروك” هەوڵکە بۆ تێکشکاندنی ئەوهەچونەی کەلەنێوان ئەکتەرو بینەردا هەیە (5) کەواتە لەمانەوە دەگەینەئەوەی هەرنمایشك لەدۆخی باو دەرچێت یان هەردەرهیچنەرك هەوڵکی وابدات دەتوانین پێی بڵێن (ئەزموونگەر) .

(1) بورهان قەرەداغی ، شانۆکاری کورد لەیەتەبیای ئەزموونگەریدا ،ل12 و ل15
(2) ئەحمەد سالار ، هونەروژیان ل 106- ل107
(3) شفرات الجسد (جدلیە الحچور والغیاب فی المسرح) ، عوادعلی ص13و14
(4) بورهان قەرەداغی ، شانۆکاری کورد لەیەتەبیای ئەزموونگەریدا

ل15
(5) شانۆ لەچەند وتارێکدا ، کۆکردنەوەو وەرگێڕانی م.پەروەر ل103
_____

سەرچاوەو ژێدەرەکان :

1- محمود ، سردار. صيغ الاداو التمپيلى فى العرچ المسرح الكردى (رساله ماجستير– غير منشوره) ، جامعه صلاح الدين – كليه الفنون الجميله – قسم الفنون المسرحيه 2010

2- ئەلشەرقاوی ، بەکر . پێشەکی (شانامەی ژیانی گالیلۆ)، وە: فؤاد مجيدميسری،دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی ژمارە 71، بەغدا 1982

3- قەرەداغی ، بورهان . شانۆکاری کورد لەیۆتۆبیای ئەزموونگەریدا ، بەڵگەوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە زنجیرە (251) ، سلێمانی 2004

4- ئەحمەدی ، بابەك . ئەفراندن و ئازادی (باستەوەرەکانی هونرمنیوتیك و جوانیناسی)، وە : مەسعوود بابایی ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی –زنجیرەی کتێب (446)،چاپی یەکەم- بەرگی دووەم 2010

5- سالار، ئەحمەد . هونەرو ژیان ، دەزگایچاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرەی کتێبی سەردەم ژمارە (313)، سلێمانی 2005

6- على ، عواد . شفرات الجسد (جدليه الحچور والغياب فى المسرح) ، عمان : دار أزمنه گ 1 (1996)

7- شانۆ لەچەند وتارێکدا ، کۆکردنەوەو وەرگێڕانی م.پەروەر،بەڵگەوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان – زنجیرە 30سلێمانی 203

لە قووڵایی ستراتیژییەوە، بۆ قووڵایی کێشەی کورد -5- … سمکۆ عەبدولکەریم

بەشی پێنجەم ….

داود ئۆغلۆ پێشخستنی سیاسەتی ئیقلیمی تورکیا لەخۆرهەڵاتی

ناو□□استدا بـ□هـ□كارـ□ك دـ□زانـ□ بـ□ سنووردارکردنی مـ□ترسی لـ□کترازانی سیاسی لـ□ ناوچـ□کـ□دا. لـ□م گـ□شـ□نیگایـ□و□ ئـ□غلـ□ پـ□گـ□یاندنی ئـ□مجـ□رـ□ سیاسـ□تـ□، بـ□پـ□گـ□یاندنـ□کی زـ□رباش دـ□زانـ□ت لـ□□ووی هـ□ماهـ□نگی ستراتیژییـ□و□، بـ□دیاریکراویش لـ□قـ□ناغـ□ تـ□کتیکییـ□کاندا.

بـ□یـ□ لـ□پاـ□ سیاسـ□تـ□کانی دیکـ□ی تورکیا لـ□بـ□رامبـ□ر کـ□شـ□ی کورد، هـ□م لـ□ناوخـ□ی تورکیاو هـ□م لـ□بـ□رامبـ□ر هـ□رـ□مـی کوردستاندا، زیاتر دـ□مانگـ□□نـ□تـ□ ئـ□و راستییـ□ی کـ□ تورکیا تـ□گـ□یشتنـ□کی جدی نییـ□ بـ□ چارـ□سـ□رکردنی کـ□شـ□ی کـورد، بـ□قـ□د ئـ□و□ی خوازیـاری ئـ□و□یـ□ بـ□هـ□رشـ□و□یـ□ك بـ□ت رـ□گـ□ لـ□و لـ□کترزانـ□ بگرـ□ت، کـ□ وای بـ□دـ□چـ□ت لـ□ئایندـ□دا رووبدات، بـ□شـ□و□یـ□ك هیچی کـ□متر نابـ□ت لـ□و□دـ□رنانی تورکیا لـ□بـ□لقانو دواتریش پاـ□پـ□و□نانی بـ□ ئـ□و سنوورـ□ی ئـ□ستای، کـ□ ئـ□مـ□ش بـوو□ هـ□ی ئـ□و□ی تـائـ□م ساتـ□ش زـ□ر لـ□سیاسییـ□کانی تورکیا بـ□تـایبـ□تی ئـ□ردـ□غـان شـ□و تابـ□یـانی خـ□ون بـ□و رابـردوو□ لـ□دـ□ستچوو□یانـ□و□ ببینن.

لـ□مبـارـ□یـ□و□ ئـ□غلـ□ وای بـ□دـ□چـ□ت، کـ□ ئـ□م بـارودـ□خـ□ی نـاوچـ□ی خـ□رهـ□□اتی ناو□□است، وادـ□کات تورکیا هـ□لـو□ستی زـ□ر جدی هـ□بـ□ت، لـ□سـ□رخـ□و شـ□نـ□یی بـ□ت لـ□بـ□رامبـ□ر داـ□ووخانی جیوسیاسیو ئابووریو رـ□شنبیری، کـ□ ئـ□غلـ□ پـ□شبینی دـ□کات ئـ□م داـ□وخانـ□ لـ□ناو□□استی یـ□کـ□می سـ□دـ□ی بیستو یـ□کدا، بـ□قورسی بـ□سـ□ر خـ□رهـ□□اتی ناو□□استدا بشکـ□تـ□و□، بـ□یـ□ نـابـ□ت تورکیا دـ□ستـ□و□ستان بـ□تو چوار مـ□شقی لـ□یدانیشـ□□و هیچ نـ□کات، ئـ□و نموونـ□ بـ□و□دـ□نـ□تـ□و□ کـ□ تورکیا کاتـ□ك دـ□ستبـ□رداری پاشماو□ی عوسمانییـ□ت بوو، دو□□تی نـ□تـ□و□یی لـ□میانی نـ□خشـ□یـ□کی رـ□گـ□زپـ□رستیدا هاتـ□جـ□ی.

بـ□یـ□ ئـ□غلـ□ پـ□نابردنـ□ بـ□ر سیناریـ□ی تازـ□ لـ□ناوچـ□کـ□دا بـ□پـ□ویست دـ□زانـ□و دـ□□□: لـ□سـ□ر تورکیا پـ□ویستـ□ نـ□خشـ□ی سیناریـ□ی پـ□یوـ□ندیدار بـ□نیـو□ی یـ□کـ□می سـ□دـ□ی بیستو یـ□ك لـ□چوارچـ□و□ی ستراتیژیـ□تـ□کی بـ□رفراوانی ئیقلیمی بکـ□شـ□ت.

هـ□ر ئـ□م تـ□گـ□یشتنـ□شـ□ وایکـردو□، تورکیا سیاسـ□تی نزیکبـوونـ□و□ی لـ□خـ□رهـ□□اتی ناو□□است بگرـ□تـ□بـ□رو بـ□هـ□منیو وریایی لـ□مـ□وداکانی فـ□لـ□ستینو نـ□وت نزیك بکـ□و□تـ□و□، هـ□رچـ□ندـ□ راستـ□وخـ□ دـ□ستوـ□ردانی نـ□بوو، بـ□□ام ئـ□ستا تواناکانی پیشانداو□و پـ□رـ□یسـ□ندو□. ئـ□غلـ□ مـ□سـ□لـ□ی عیراقو کورد و ئاو بـ□یـ□کـ□و□ دـ□بـ□ستـ□تـ□و□و لـ□م رـ□گـ□یـ□و□ دـ□□وانـ□تـ□ گـ□مـ□ هـ□رـ□مییـ□کـانی کـ□ دـ□یـ□و□ هـاوکـ□شـ□ی سیاسـیو ئابووریـ□کـ□ی هاوتـ□ریب بـ□یـ□کـ□و□ ئاراستـ□ بکات و هـ□ریـ□کـ□یان بخاتـ□

خزمەتی ئەوی تردوە، کە سەرنجام هەرەمی کوردستان دەبەتە بەشێك لەیارییەکە، کە تەدا جگە لەدەستکەوتنی ئارامییەکی کاتیو هەندە دەستکەوتی ئابووری، هیچی تری لەشین نابەت، بەڵام ئەو ڕێگایە بە تورکیا خۆش دەکات کە دیگەنەتەوە بەقوڵایی ئاسیا کە دەمکە خۆنی پەوەدەبینەت.

لەبەرامبەر ئەوشدا هەشیاریو تێگەیشتنکی تەواو لای ئەمریکاو خەرئاواو خودی پەکەکەش هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوی لەسالی 2000 پارتی دادوگەشەپەدان لەرەحمی پارتی فەزیلەدا لەدایکبوو، وەك هەگری جەرەك لەدیموکراتییەتی نەریتپارێزیو ناوەندگیری لەنەوان ئیسلامییەتییەکی تەواو و دەستگرتوو بەعلمانییەتەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیش توانی لەهەگەی سیاسەتکی نەخشە بکێشراو مەوداکانی ئەو ڕێگایە کورتتر بکاتەوە کە تورکیا لەنەخشەی خەرهەاتی ناوەاست نزیکتردەکاتەوە، لەمیانی ئەو سیاسەتی ئیحتیواکردنەوە، کە سەرنجام بەهەی پەشهاتە تازەکانو بەتایبەتیش سەرهەدانی داعش دەستکانی تورکیا ئاشکراتر دەرکەوتن، چونکە تورکیا بەهەی خۆ یەکلانکردنەوەی لەرووی فیکرەوەو نەگیرسانەوەی لەوەستگەیەکی سیاسی دیارو ڕووندا ناتوانێ درێژە بەو سیاسەتی پەشووی بدات.

وەك چۆن پەشتریش تورکیا سەرکەوتوونەبووە لەبەدەستەوەگرتنو بوونە خاوەنی سیاسەتکی ئابووری بەهێز لەناوچەکەدا، بەئامانجی لانی کەمی خۆ بەکوەخاکردنەوەی خەرهەاتی ناوەاست، لەکاتکدا تورکیا خاوەنی سیاسەتکی شکستخواردوی ئابووریە لەرابردوودا، کاتك لەسالی 1986 ویستی لەرەگەی (پەڕەی بەی ئاشتی) کە بریتی بوو لەگەیاندنی ئاو لەباشووری تورکیاوە بە وڵاتانی نیمچە دورگەی عەرەبی، هەیمەنەی خۆی بەسەر زەمینی خەرهەاتی ناوەاست بگەنەتەوە، کە لەیەك کاتدا هەم پەڕەیەکی سیاسی بوو، هەم ئابووری.

لەم گۆشە نیگایەوە، ئۆغلۆ پەی وایە لەئێستادا تورکیا کەوتۆتە ناوەندی نەخشە نوکانی پەیوەندیدار بە"عیراق- کورد- ئاو" هەربەیشە پەی وایە دەبەت تورکیا بەوردیو وریاییەوەو لەروانگەی ستراتیژیەتی ئوراسیادا، سوود لەقوڵایی ئاسیا وەربگرێت، دیارە بەبە بوونی کاریگەری تورکیاش لەسیاسەتی خەرهەاتی ناوەاستدا، تورکیا ناتوانێ ئەو قوڵاییە ئاسیاویە بەدیبەنێت.

ئۆغلۆ ئاماژە بە سیاسەتی تورکیا دەکات بەئاراستەی باکوورو باشووری وڵاتی دوو ڕووبار، کە هەرەمی نەوتیو ئاوی لەخەدگرێت، وەك کاریگەرترین ئەو هەکارانەو لەهەمان کاتدا بەمەترسیداریشی

دبینە، لەهەمانکاتیشدا وای بەدچەت کە ئەمە کەشی کوردو عیراقیش دەگرەتەوە، وەك دووکەشی چاوەوانکراوی دەرکەوتوو لەروانگەی ستراتیژیەتەکی تازەدا.

هەموو ئەم ئاماژانەش، ئاماژەی زەر روونن، بە ئەم سیاسەتە تازەیەی تورکیا، بەومانایەی چەن دەیەوەو بەچ رەگایەکدا بگەتەوە سەر ئەو نەخشەو هەی کاریگەری، کە پەیان وایە دەبەتە هەی کاریگەرترکردنی ستراتیژیەتی تورکیا، بەئاراستەی گەانەوە بە قوەایی ستراتیژی خەرهەاتی ناوەاست.

دیارە ئەغلە پەشبینی ئەوشی کردوە کە لەناوچەی خەرهەاتی ناوەاستدا زنجیرەیەك لەنائارامی لەسەر بنەمای رەگەزپەرستی سەرهەددا، لەم روانگەیەوە رەی تورکیا دەخاتەوو، دەخوازەت لەچارەسەرکردنی ئەم نائارامیاندا، تورکیا ببەتە ناوەندی چارەسەکردن لەمەودای دووردا، کە دەکرە ئەم سیاسەتەی ئەستاشی لەبەرامبەر هەموو ئەو رووداوانەی لەناوچەکەدا روودەدەن، لەم تەگەیشتنەی سەرەودا ببینینەوە، کە چەن دەیەوە، لەروانگەی جیورەشنبیرییەکی بەرفراواندا، ئەو رەلە سەرکییە ببینە لەئیدارەدانی ململانەکاندا، بە ئەوەی نەبەتە تەنیا لایەنەکی کاریگەری لاوەکیو مەودا کورت، بەکو رەی دامەزرەنەرو هەنانەدی ئاشتیش ببینە لەخەرهەاتی ناوەاستدا.

ئەمەش دوای ئەوەی کە ئەحمەد داودئەغلە دەگاتە ئەو تەگەیشتنەی کە عیراقو کەشی کورد پەویستیان بەهەسەنگاندنەکی ئارام هەیە، لەکاتەکدا کەشی کورد تایبەتمەندی جیهانی وەرگرتوە، بەهەی ئەو ناوونیەی بالی بەسەر عیراقدا کەشاوە، ئەمەش لەچوارچەوەی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکاندا کە بەتەهەی تەپەراندنی تەگەیشتنی سنووری سیاسی لەلای زلهەزەکان، کە کاردەکەن بە ئامادەکاری باادەستی دەسەاتیان لەرەگەی سیاسەتی خەسەپاندنیاندا لەبەرامبەر ئەو دەخەی کە هەیە، ئەمە وەای بانگەشەکردنی پاراستنی سنووری سیاسی ئەستاو قانونی نەودەوەتی. لەم کتەبەدا ئەغلە مەترسییەکانی خەشی نەشاردەتەوە، کە لەروانگەی ئەم پەشبینیە تازانەداو لەسایەی قەیرانی دابەشکاری ناسنامەو خراپبوونی پەیوەندی نەوان دەوەتو کەمەگا، تورکیا رووبەووی مەترسی تازە دەکاتەوە.

لەم چوارچەوەیەشدا ئەحمەد داودئەغلە لانی کەمی ئەو رەوشوەنانەی دەبنە هەی سەرخستنی سیاسەتی تورکیا لەخەرهەاتی ناوەاستدا، لەهەریەك لەجیورەشنبیریو جیوئابوری-دا دەبینەتەوە، ئەمەش

بگرتنەبەری سیاسەتکی نەرمی دژەکی، لەسەربنەمای هاوبەش، لەنێوان تەکتیك و دیپلۆماسیەت و سەربازیدا.

ئۆغلۆ لەسەرجەمی بڕوونکانیدا لەچوارچێوەی خەرهەڵاتی ناوەڕاست و کیشەی کورددا، پێی وانییە کە بەتەنیا پەنابردنە بەریەکە لەو هەکارانەی ئاماژەی بە کردون بەس بێت بە سەرکەوتنی تورکیا لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، ئۆغلۆ هەموو بڕوونکانی خێی دەخاتە خزمەتی ئەوتگەیشتنەی کە چۆن و بڕچ شێوەیك دەکرێ ڕگۆ لەهەر جۆرە دەستوەردانەکی دژەکی و هاتانی زلهێز بگیرێ، چۆن دەتوانرێ کوردو کێشەکەی بە تورکیاوە بلکێندرێ و ئەو هەستە، گۆشەی پێبدرێ کە زۆربەی کوردەکان، پێش ئەوەی وەك کورد بیربکەنەوە وەك تورکیاییەك هەستن و دانیشن.

ئەم سیاسەت و بیرکردنەوانەش هەکارەکن بە بەهێزکردنی مەرجەعیەتی بیری نەتەوەیی و بەهێزکردنی ئەو مەرجەعیەتە کەمایەتییەی کە ئۆغلۆ بەپێویستییەکی حەتمی دەزانێ بە گەمارۆدانی کورد وەك نەتەوەیەکی جوداخواز، ئەمەش بەدابڕاندنی لەسیاسەتی نەودەوڵەتی و ئیحتیواکردنی لەچوارچێوەی سیاسەتی ناوخێی تورکیادا، بەدابینکردن و پێدانی هێندێ ماف کە حکومەتێ یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، هەر لەسەرەتاوە بەکوردیان داوە.

ململانێی، روسیا، ئەمریکا، ئیران و تورکیا لە کۆتایی ۲۰۱۷ دا! … ئاشتی ئیبراهیم ئۆفێندی

قۆناغی دوای نەمانی هێزی تووندڕەوی "داعش" و تەواو بوونی جەنگی "سوریا" و چە کردنەوەی هەوڵەکان بە گەیشتن بە ڕێککەوتن و دابەش کردنی پشک و سەپاندننی هەیمەنە، گەڕانکاری هێناوە بەسەر جۆری زۆرانبازێ نێوان زلهێزەکانی دنیا و زلهێزەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

_____

ئەمریکا، روسیا، ئیران، تورکیا، سعودیە و قەتەر و ئیسرائیل هێزی

سەربازیین لە ململانێکان و گرفت و رووداوەکان، هەریەکیان بە گوێرەی قەوارە و ئەندازەی هێزی سەربازیی گوتەی هەیە. لە ئەنجامی ئەوەدا بارودۆخەکە ئەوەندە هەستیار هاتووەستەکان و هێکەوتنەکانیش ناجێگیرن و بە گوێرەی کات و ڕۆژ گۆڕانکاریان بەسەردا دێت.
ڕوسیا و ئەمریکا، سەرەڕای ئەوەی کە دوو جەمسەری سارد و گەرمی دژ بە یەکن لەسەر ئاستی جیهان و لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە "سوریا" و هەردووکیان خاوەن پلانێکی دارێژراو و ستراتیژێکی تایبەت بە خۆیانن، کە بریتیە لەوەی ببن بە تاکە زلهێز لە ناوچەکە، بە سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی و دەستکەوتی ئابووریی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایانەوێت ڕاستەوخۆ بکەونە جەنگێکی ڕووبەڕوو دژ بە یەک و هەڵگیرسانەندنی جەنگی ئەتەمی. بە گەیشتن بە مەبەستەکانیان هەر دوو زلهێزەکە هەوڵی سەربازیی و دیبلوماسییەکانی خۆیان چە کردەتوە لە ناوچەکەدا و هەوڵدەدەن سوودمەندبن لە بوونی گرفت و ناتەبایی نێوان نەتەوەکان و گروپی چەکداری فەرمیی و نافەرمیی، هەروەها پارت و ئەو قەوارە سیاسییانەی، کە لە ناوچەکەدا هەن.

موسکۆ، پێی وایە بە کۆکردنەوەی لایەنەکان دەتوانی گەڵکۆمەکە دژی ئەمریکا بکات و لە ئەنجامدا هێزەکانی لە "سوریا" بکشێنەتەوە کە ئەمەش ئاواتی "تورکیا و ئێران"یشە. "پوتین"، لە کۆتایی ئەم ساڵدا، سەردانی چەند وڵاتێکی ناوچەکەی کرد وەکو "ئێران و تورکیا" و هەڵی ڕەخساند بە مەلیکی سعودیە "مەلیک سەلمان و ئەردوغان و ئەسەد" بە ئەوەی سەردانی ڕوسیا بکەن، هەروەها وەزیری بەرگریی ڕوسیا "سەرچی شۆگیو" سەردانی "سوریا، ئیسرائیل و قەتەر"ی کرد. دواتر "ڕۆحانی و ئەردوغان و پوتین" لە "سوچی" دانیشتن. ئەو هەوڵانەی "پوتین" پێیامێکە بە دنیا و "ئەمریکا" ڕادەگەیەنێت، کە ئەو زلهێزێکی سەرکەوتووە لە ناوچەکە و دەتوانێت کاردانەوەی هەبێت لەسەر ڕازی کردنی ئەو وڵاتانە بە جێری ئاراستە کردنی ڕووداوەکان و لە سەر دەستی ئەو هەموو دژەکان ئامادەن لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن.لە هەمانکاتدا "ڕوسیا"، هەوڵەکانی بە دانیشتن لەگەڵ "ئەمریکا" چە کردەوە و لە ئەنجامدا بە چارەسەری دەخی "سوریا" لە بەرواری ١١/١١/٢٠١٧دا نووسراوێکی دووقۆڵیان بەاو کردەوە و تیایدا هێککەوتنی خۆیانیان لە چەند خاڵێک ڕیزبەند کرد.

پوتین، هەوڵدەدا متمانەی هەموو لایەک ڕابکێشێت و بە گوێرەی دەی هەموو لایەک قسە دەکات وەکو بە "ئەسەد" دەڵی "من لەگەڵ یەکپارچەیی

"سوریا"م و پشتیوانی لە دەسەاتی سیاسیی سوریا دەکەم". بە ەەحانی دەەت" وەاتەکەی پشتیوانی لە بەرنامەی ئەتەمی ئیران دەکات و هەردووکیان هاوەان لە مانەوەی "ئەسەد"، بە ئەمریکا دەەت"دژ بە "داعەش"ە و دژ بە تیەە دەجنگەت". بە تورکیا دەەت" لەگەە یەکپارچەی "سوریا"یە و نابەت هیچ هەزەکی چەکداری بیانی و نافەرمی لە نەو "سوریا"دا هەبەت وەک ئاماژەیەک کە دژ بە هەزی چەکداری کوردە".

روسیا، یاریەک دەکات، دیار نییە کە تیایددا چەند سەرکەوتوو دەبەت، بەهەی ئەوەی بەرژەوەندیی ئەو لایەنانە لە بنەەتدا دوور و دژ بە یەکن نمونە "روسیا" لەگەە "ئەمریکا ئوردن و ئیسرائیل" لە مانگی ۷/۲۰۱۷دا گرەبەستەکی واژە کرد کە تیشکی نەخراوەتە سەر، بەەام هەندەک لایەنی ئەو گرەبەستە لە نووسراوە دووقەییەکەی "ئەمریکا و روسیا"دا تەبینی دەکرەت کە لە بەرواری ۱۱/۱۱/۲۰۱۷دا بەاوکرایەوە کە هەندەک لەو خالانەی تیایددا دەبینرەت، کە جەگە نیگەرانی "ئیران و تورکیا"ن وەکو، بەگوەڕەی ئەو رەککەوتنە بەت، هەر دوو لا رازی بوون بەوەی هەزی بیانی لە "سوریا" نەمێنەت. کەواتە دەبەت هەزە چەکدارەکانی ئیران و چەکدارە شیعەکانیش بچنە دەرەوە، کە گەرەنتی نییە "ئیران" لەو خەیاندا بە قسەی "پوتین" بکات!

"ەەحانی" خاوەن پلانی خەیاتی و خوێن و قوربانی داوە لە جەنگی "سوریا" بە دروست کردنی پەردی پەینەوە بە "لبنان". هەروەها دەرچوونی سوپای "تورکیا" لە سوریا بەهەمان شێوە، لە سەرەتای بەاوبوونەوەی "نووسراوی روسیی ئەمریکیی" "ئەردوغان" لە لەدوانەکدا گوتی "ئەوەی پەی وایە گرفتی سوریا بە هەزی چەکداری چارە ناکرەت، با خەی بچەتە دەرەوە". ئەگەر گریمان هەر دوو لا لەسەر دەستی "پوتین" بەیاربدەن هەزەکانیان بکشێنەوە لە "سوریا"، ئەوە بەگومان بە بەرامبەر نابەت نمونە، تورکیا داوا دەکات دەستی واەا بەت و بە کەیفی خەی کورد بکوژەت و هەزە چەکدارەکانی لە نەو بەرەت کە ئەمە باشترین هاوپەیمان لە سوریا بە ئەمریکا "کورد"ە بەگومان "روسیا" ناتوانەت ئەو خوازەی "تورکیا" بهێنەتە دیی ئەگەر "ئەمریکا" رازی نەبەت وە "روسیا" بە خاتری تورکیا ەووبەرووی "ئەمریکا" نابەتەوە. لە لایەکی تر دابینکردنی ئەو پەردەی کە "ئیران" گەرەکیەتی دروستی بکات لە "ئیران"ە بە "سوریا و لبنان و عیراق" بە گومان"ئەمریکا" رەگری دەکات و دووبارە "روسیا" ەووبەرووی ئەمریکا نابەتەوە بە سەرخستنی خوازی ئیران.

بەاوکردنەوەی نوسراوی دوو قۆڵی "روسیا و ئەمریکا"، لە بەرواری ١١/١١/٢٠١٧دا "ئێران و تورکیا"ی نیگەران کردووە، لەوەی کە "روسیا" بکەوێتە ژێر فشاری "ئەمریکا و ئیسرائیل"ەوە خۆی بە دەنگ بکات لەوەی "ئەمریکا" هەڕەکانی "ئێران" لە "سوریا و عیراق" دەربکات!
روسیا، دەیەوێت وەک برا گەورەی ئەو وڵاتانە هەڵسوکەوت بکات، نەک لەوەی تەنیا پشتیوانی لە مانەوە و بەرژەوەندییەکانی "ئەسەد" دەکات، هەروەها لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە هەموویان بڵێت ئەو بە یەک چاو لە هەموویان دڵسۆزانێت بە ئەو مەبەستە دوای دانیشتنی لەگەڵ "ئەسەد" لە مسکۆ، دواتر پوتین بە پەیوەندییەکای تەلەفونی هەموو زانیارییەکانی گەیاند بە سەرۆکی "قەتەر، میسر و ئیسرائیل!

روسیا، دەرک بەوە دەکات کە "ئەمریکا و سعودیە و ئوردن و ئیسرائیل" بە پاراستنی بەرژەوەندیی و ئاسایشی نەتەوەییان پەویستیان بەوە هەیە "ئێران" دەسەڵاتەکانی فراوانتر نەبێت و هەوڵبدرێت دەسەڵاتەکانی تەسک بکرێتەوە. لە لایەکی تر "روسیا" دەیەوێت 'ئێران" وا حاڵی بکات کە ئەو بەرژەوەندیی "ئێران" ڕێچاو دەکات، کە ئەمە "روسیا" دەخاتە پگەیەکی هەستیار و دژوار و سەرلەشێوان کە ناتوانێت ئەو دوو بەرژەوەندییە لەیەک کاتدا پارێزگاری لە بکات و پەیەوییان بکات. سەرای ئەوەش بەهێز بوونی زیاتری "ئێران" لە ناوچەکە لە ئایندەدا مەترسی لە سەر خودی "روسیا" و "تورکیا" دروست دەکات، لە دڕئەنجامدا "ئێران" دەزانێت ئەگەریی ئەوە هەیە کە "روسیا" لە پشتەوە لەگەڵ "ئیسرائیل و ئەمریکا" دژ بەو ڕێکبکەوێت وە لە هەموو ساتەکدا ئەگەری ئەوە هەیە "ئێران" لە "روسیا" هەڵبگەڕێتەوە. "ئەمریکا"ش بەبێ ئاگاداری "روسیا" و "تورکیا" هەنگاوی سەربازیی دژ بە چەکدارانی شیعەی سەر بە "ئێران" ئەنجام بدا!

پوتین، نایەوێت لە ململانێکانە دەڕاو دەربچێت و دیاری دەستی بە وڵاتێکی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧دا سەرکەوتنێتی لە جەنگی "سوریا" و دابین کردنی دەستکەوتی ئابووریی لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و خەئامادەکردنی بە هەڵبژاردنکانی روسیا کە لە بەرواری ٣/٢٠١٨دا بەیارە ئەنجام بدرێت. بەڵام پێکانی ئەو ئامانجە تەنها لە ژێر دەستی "مسکۆ"دا نیە و ئەگەر "روسیا" لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەندێک لە سەرکەکانی بە لای خۆی ڕاکێشابێت ئەوا بگومان هەڵوەستی وڵاتانی ئەوروپاش زەربیان لەگەڵ "ئەمریکا"ن خاوەن گفت و قسەن لە دیاری کردنی چارەنووسی ناوچەکە و ڕێیان دەبێت لە گەینی

هاوسەنگی هەز و ئاراستە کردنی ووداوەکانی رەژهەاتی ناوەاستدا.

ئەوەی پەویستە بوترەت لە "ئەمریکا" بترازەت لە ناوچەکە کەس ناتوانەت ووبەرووی هاوپەیمانییەتیی "ئیران تورکیا و روسیا" بەت و ئەو هاوپیمانییەتە چەندەک لە دژی بەرژەوەندییەکانی "ئەمریکا" بەت ئەوا دوو ئەوەندە مەترسی لەسەر چارەنووسی نەتەوەکانی ژەر دەست هەیە لە ناوچەکە وەک "نەتەوەی کورد".
چاودەرانی سیاسیی لە سەر ئاستی جیهانی، زەربەیان پەیان وایە کە "روسیا" لە رەژهەاتی ناوەاستتدا لە رەگەی پەیوندییەکانی خەریکە دەسەاتی سیاسیی و سەربازیی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی باشتر لە جاران فەراهەم دەکات، کە لە ئەنجامدا لە ئایینددا ئەگەر "ئەمریکا" هەشیار نەبەت ئەوا "روسیا" لە ناوچەکەدا دەبەت بە براوەی یەکەم، گومانیشی تییاددا نییە هەرگیز "ئەمریکا" لەو ململانەیەدا نایەوەت هەیبەت و دەسەات و شکەی نەمەنەت کە لە ئەنجامدا سەرای ەککەوتنەکان و دانیشتنەکان وا چاوەوان دەکرەت "موفاجەئات" روو بدات و کەس پابەند نەبەت بە قسە و گفت و بەنەکانی کە بە یەکتری دەدەن ، لەکتوپەکدا هەوەستی سەربازیی و سیاسیی دژ بە یەک بنوەنن و ئاراستەی رووداوەکان بە ئاراستەیەک بەوات کە بە دەی لایەنەکان نەبەت بە تایبەتی "تاران و ئەنقەر".

جەناب و قوربان و بەز ... بەکر ئەحمەد

لە ماوەی پانزەساەی بەرنامەپەخشکردن و کارکردن وەک بەژەر لە ادیەی هاوپشتی، کەمەک یادگار و رووداوی سەرنجاکەش و تەبینی هەن کە تا ئەستاش نەمپەرژاوە ئاودانەویان لەبەرانبەردا بکەم.
یەکەك لەو تەبینییانە چەنەتی ناوبردن و بانگردنی ئەو کەسانە بوون کە گفتوگەی ادیەییم لەگەدا ئەنجامم دەدان.
لەو ماوە درەژدا، کەسانەکی زەری دەسەلاتی سیاسی و هونەرمەندان و گەرانیبەژان و نووسەرانی کورد لە ادیەو ئاخاوتنییان لەگەدا کراوە.

لە زەر حاڵەتدا دەموێست کەسەکان بە ناوی خێزانەوە ناوبەرم. بەڵام لە شوێنێکی ئاخاوتنەکەدا، کولتووری باوی کەمەڵگا لە ناخی منیشدا قووتدەبووەوە و دەستوەژەکانی، مامۆستای بەڕێز، کاک کەسرەت، بەڕێز کاکە حەمە یان هەر ناو و ناونیشانێکی دیکە کە بە میشکی هەموماندا دێت، بەسەرزاردا وژەی دەکرد.
ئولوف پالمەی سوید لە ساڵی ١٩٦٧ دا بە ڕۆژنامەنووسان دەڵێت: بە ناوی خەمەوە بانگم بکەن! تەنها ئولوف و بەس.

من شەخسی خەم هیچ ئاخاوتنێک و چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیم نەدیوە، مەزهەری خالقی و ناسری ڕەزازی و نەچیروان بارزانی بە ناوی خێزانەوە بانگیکات.
مامۆستای گەورە و جەنابی سەرکی حوکمەت و دێیەها ناو و ناونیشانی دیکە لە گوێچکەی هەموماندا دەزرنگێتەوە. بە کورتییەکەی، لە زمانی کوردیدا هەشتاش کارێکی ئاسان نییە لە ئاخاوتن لەگەڵ کەسێکی دیار و نادیاردا بە ناوی خێزانەوە بانگی بکەیت و هیچ پێشگرێکی جەناب و قوربان و بەڕێزی بە دانەنێیت.

من پەموایە تا ئێستاش قوتابیی ناتوانێت بە مامۆستاکەی بڵێ: شلێر یان ئازاد. مامۆستا شلێر و مامۆستا ئازاد تاکە شیوازی ئاخاوتنی قوتابییانە لەگەڵ مامۆستادا.
هەتا مەقام و پلەو پایەکانی ئینسانیش بەرزتربێتەوە، ناو و ناونیشانەکانیش ئاسانتر نابنەوە و جەنابی بەڕێوبەر و دوکتۆر فانەکەس دەبنە ناوی یەکەمی کەسی بانگکراو.
پوختەی قسەی من ئەوەیە: کەی ئینسان دەبێتەوە بە خۆیی و ناوی "تۆ"، جێگای "ئەو" دەگرێتەوە و مامۆستا و جەنابی دوکتۆر و بەڕێوبەر دەبنەوە بە کەسەکانی خۆیان.

ئەم باسە ڕەنگە بە زەر کەس پەیوەندی بە ئاداب و ئوسوڵی ئاخاوتنی کەمەڵگاوە هەبێت و پرسیارێکی دیموکراتی نەبێت. بە من هەم سەروکاری لەگەڵ ئادابدا هەیە و هاوکاتیش پەیوەندییەکی سەیری لەگەڵ دروستبوونی تاکی ئازاد و بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی و یەکسانییدا هەیە.
لە وڵاتێکی وەک سویددا، تەنها بە "پاشا"ی سوید دەوترێت ئەو. ئەگینا سەرکۆزیران و بەڕێوبەرە باڵاکانی گەورەترین کەمپانیاکان بە ناوی خێزانەوە بانگدەکرێن و بەکارهێنانی دەربڕینی "ئەو" وەک سووکایەتییەک سەرنجدەدرێ.
بەڵام بەوەی هەشتا، نموونەکانم لە سوێددا دەسووتێتەوە، باشترە نموونەیەکی زەر سەرنجڕاکێش لەمژووی سوید بهێنمەوە کە پەیوەندی

بە باسکەمانەوە هەیە.

یەفەرمی "تە"

لە مانگی حوتی ١٩٦٧دا، "بروور ھێکسەد" دەبێتە بەڕێوەبەری باڵای یەکێک لە دەستگا گەورە دەوڵەتییەکانی سویەد و لە یەکەمین کەبوونەوەی خۆیدا لەگەڵ کرێکار و کارمەندانی ئۆو دەستگایەدا، بانگەوازی هەموان دەکات کە بە "بروور" بانگی بکەن و هەرچی ناونیشانی سەرکار هەیە، وەلا بنرێت.
سەیر ئەوەیە: سکرتێرەی یەکەم برگیتا و بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری پاتریک و سەرۆکی بەشی تەلەفۆنات ناوی بەکارهاتووی سەرکاری ڕۆژانەی کارمەندانی نێک هەر ئەم شێوەنە، بەڵکو زۆربەی شێوەنی کارکانی دیکەی سویەد بوو لەو زەمەندا. واتا هیچ کەسێک بە ناوی خۆیەوە بانگنەدەکرا و ناونیشانی وەزیفەکە دەخرایە پێش ناوی کارمەند یان کرێکار.

لەسەر کاردا، ئینسان نەیدەتوانی و ئاسان نەبوو یەکتری بە تە و ناوی خۆیەوە بانگبکات. ئەوەی بروور ھێکسید دەیکات ئەوەیە کە ئەو لەگەڵ کارمەندکانی خۆیدا دەبێتەوە بە بروور و بە ناوی خۆیەوە بانگدەکرێت.
بە کوردییەکەی: تە لە ئاسیا سەدا کارمەندی پرسگە بیت و بە فاروقی مەلاموستەفا بەڵێ: فاروق. بە بە جەناب و کاک فاروق و قوربان و هەموو ئەو دەستەواژانەی لە مەشکدا هەن.

مەرتا نوردنفەلت کە کارمەندی دەستگاکەی بروور ێیکسەد دەڵێ: من لە ئاخاوتن لەگەڵ دایک و باوکمدا، تەم بەکارنەدەهێنا و بە دایە و بابە بانگم دەکردن. بە دایک و باوکی هاوڕێکانیشم دەوت: پوورە یان مامە.
بەڵام بە ئاخاوتن لەگەڵ کارمەندانی دەستگاکەدا، لیستی درێژی ناو و مەقام هەبوو کە نەدەکرا هەڵەی تیادا بکرێت. بۆیە کاتێک قسە لە گۆشەکردن بەکارهێنانی "تە"وە دەکرێت لە سویددا، بروور ھێکسەد، وەک یەکێك لە فیگورە تایبەتییەکانی ئەم ئاوگەڕە سەرنج دەدرێت و شانسی ئەوەی پەیدەدرێت لە پێوەند بەوەی کە کاتێک ناوی ێیفەرمی تە دەهێنرێت، ناوی ئۆویش دێتە پێش.
بە کورتییەکەی: ێیفەرمی تە، ئەو چاکسازییە زمانەوانییەیە کە لە سویددا ئەنجامدەدرێت و لە ئاخاوتنی ئینسانەکاندا تە جێگای ناونیشان و ئەوە و پێشگرو پاشگرەکانی دیکە دەگرێتەوە.

پڕۆفیسۆری زمانەکانی باکوور، "ئوللە یوسفسۆن" لە دانشگای ستەکهۆم دەڵێت: دوو سەرچاوەی گرنگ لە پشت پەرەسەندنی ریفۆرمی تەوەیە لە سوید.
یەکەمیان: گۆشەی دیموکراسی و یەکسانیخوازی کە لە کۆتایی شەستەکانی ئەورووپادا لە پەرەگرتنی خێدا بوو بە هۆی بزووتنەوەی ٦٨ وە، دووەمیشیان: کەچی بەکۆمەڵی خەڵکی دێیە بەرەو شارەکان کە بە ئەربانیزەیشن ناودەبرێت.

لە دەخی یەکەمیاندا، گۆشەی بیروباوەڕی یەکسانیخوازی ئینسان دەخاتەوە مەرکەز و ناو و ناونیشانەکانی لەدەکاتەوە و دەکرێتەوە بە خۆ. کەششۆک بە سەرنجدان لە ئینسان وەک ئەوەی هەیە بە ئەوەی بەرزی و نزمییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای چینایەتی، لە ماهیەتی ئینسان کەمبکاتەوە. لانی کەم لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا.
لە دەخی دووەمیشیاندا، کەچی بە کۆمەڵی خەڵکی دێ بە شار، جارێک لە پێکهۆژیانی قورستری هەنایە پێش کە ئاسان نەبوو بە خەڵکی تازەی شارەکان ئەو هەموو ناو و ناونیشانە زەرانە لەبەرکەن و لە کاتی ئاخاوتندا ڕەعایەتی بکەن.

لە دەهاتەدا، بە هۆی بەرتەسکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زانینی ناو و ناونیشانەکانەوە دەکرا بزانرێت کە کچی کێو ئامەزای ئاغا کێ و سپانی مامی فلانە کەس ناوی چییە.

لە زەربوونی دەموچاوەکان و قەبەغبوونی شارەکاندا، ئیمکانی پەیوەیکردن لە کەد و کولتووریکی زمانەوانی بەمجۆرەی کە لە دەهاتدا هەبوو، یان پلەو مەقامە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای چینایەتی و بازاڕیکی قەڵەباغتر هەنابوویە پێش، کارێکی ئاسان نەبوو.

کۆمەڵگای کوردی و تە

نەبوونەوەی مامەستا سەردار بە سەردار و دوکتۆر مەحمود بە مەحمود و عالییەخان بە عالییە، بەڵگەوەی نیشاندانی کەد و کولتووری کۆمەڵگا بێت کە هێز سەرتاپای تەنیوە، ئاماژەی ونبوونی تاکەکە کەدبوایە بە ناو و ناونیشانی خێیەوە دەرکەوێت.
بانگکردن و ناونیشانەکانی سەرەوە، بەڵگەوەی حکایەتی ڕیزداری کۆمەڵگایەکمان بە بگۆتەوە، چیرۆکی ئەو زیندانییە کە بە ناوی هێزەوە لە دەوری تاک دانراوە. بە ئەوەی تاکیش ببێتەوە بە خاوەنی خۆ، دەبە لە کێت و پەیوەندەکانی ئەم جۆرە هێزە خۆی رزگاربکات.
لەم ناو و ناونیشان هەنانەدا، هێز ئامادەیی هەیە بە ئەوەی تاک

نەتوانێ وەک خۆی دەرکەوێت.

لە دایکبوونی تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەکرێ

بەز دەت و ەزگارمان دەکات. ئاخر ناکەت ناوی هەموو کەیارەکان بزانرەت. واتا بەز بەرلەوەی نیشاندانی ەز بەت لەکەسەکی نەناسراو، ناوەکە و دەت و شوەنی ناو و ناونیشانی ەاستەقینەی کەیار دەگرەتەوە.
ئەوەی کە ئینسان لە سویددا بە تە و ناوی خەیەوە لە هەموو دەخەکدا لەگەە بەرانبەردا ئاخاوتندەکات، ئاسناکردنەوەی ئاخاوتن و لابردنی ەیگرییە کولتووری و چینایەتییەکانە و بوونەوەی ئینسانە بە خەی.

لە دەخی سوپاس و بەزی شارەکانی کوردستاندا، هەندەی شار بەم دەربەین و دەستەواژانەوە خەریکی خەجیاکردنەوەیە لە دەهات، هەندە بەشوەن دروستکردنی تاکەکی ئازادەوە نییە کە شار دەبوایە لە گەورەکردن و پەگەیاندنیدا، لانکەیەکی گرنگ بوایە. بەکو هەشتاش بە چەک وکەرەستەکانی زمانی "لادە"وە، خەریکی خەجیاکردنەوەیەتی لە دە.

بە زمانەکی دی: ئەگەر لە دیهاتدا، ناو و ناونیشانەکان دیارن و دەزانرە کەن و پلەو مەقامەکان و سنوورەکانی ەز و بەزی لە زمان و پراکتیکەکانی دیکەی ەژاندا بە زەقی خەیان نیشاندەدەن، ئەوا لە کاتی قەبالغی شارەکاندا ناکرە پەیەوی لەهەمان کەد و کولتووری زمانەوانی بکرەت و قسەبکرەت.
بەیە بەکارهەنانی بەز لە زمانی شارەکانی کوردستاندا، هیچ نییە جگە لە وەرگرتنی کولتووری ەزی دە و گواستنەوەی بە ئاخاوتنی ناو شار لە دەخەکدا کە دەموچاوەکان نادیارترن و دەکرا ببنەوە بە خەیان و لەو هەموو کەدە کولتووریی و چینایەتییەیانەی دە ەزگاربکرانایە، پرسەیەک کە لەگەە گەشەی زەربەی شارەکاندا بینراوە و لە دەخی کوردستاندا تەواو پەچەوانە دەبەتەوە.

بەگومان ئەم دەخە لەوە دەچەت کە دە و کولتووری دە شار لووشدەدات و بە هەمان پەوەرەکانی دەهاتەوە ئاخاوتن ئەنجامدەدرەت. بە تایبەت لە کاتەکدا کە تە لە ئاخاوتندا وندەبەت و ناوو ناونیشانەکان جەگای تە دەگرنەوە.
ئەگەر هەکاری کەچی دە بە ناوشارەکان لە دەخی سویددا بەوەبەری قوتابخانە دەکات بە "ویلیام"ەک و تایتەی کارەکەی لەدەکاتەوە، ئەوا لە زمانی کوردیدا، نەک هەر نایکاتەوە بە "مودیری قوتابخانە"، بەکو ناونیشانی "بەز مودیری قوتابخانە"ی پەدەبەخشەت و دەیکات بە کائینەک کە هەموو شتەکە خەی نەبەت بە ناوی خەوە.

بەگومان ونبوونی تەوانینەکی یەکسانیخوازانە بە کەمەنگکردنەوەی

کاریگەرییەکانی کەمالگای چینایەتی و تەروانینەکی دیموکراتی ساغ و سالیم لە کەمالگادا بۆ ئینسان، کولتووری بانگەکردن بۆ "تە"ی لە کەمالگای کوردیدا هێندەی دی، لاوازتر کردووە. ئەگەر گۆشەی دیموکراسی و تێشەکردنی بیروباوەڕی یەکسانیخوازانە هەکارێکی دیکەی گۆشەی ریفەرمی تەی کەمالگای سویدە، ئەوە لە کەمالگای کوردیدا، بۆ زۆقی غیابی ئەم لایەنە هەستپێدەکرێت.

* بڕوانە گۆڤاری پوبلیکت Publikt گۆڤاری یەکێتی کارمەندانی دەولەتی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١٧

پەروەردەیی خاکفرۆشان ... د. زیرەك عەبدوڵا

لەدوای 16 ئۆکتۆبەر کاتێك کەمەلناسی بەناوبانگی تورك ئیسماعیل بیشکچی وتی "پێویستە لەکۆینەوە لە پەروەردەکردنی بەشکی تاڵەبانییەکان بکرێت". ئەوە بەو مانایە دێت ئەو گرووپە بەناو کوردەی کە خیانەتکاری 16 ئۆکتۆبەریان خولقاند هەڵگری چ جیهانبینییەکن، چ مەعریفەیەکیان بۆ ژیان هەیە، چۆن دەروانن مرۆڤ و کەمەڵگاکەیان، چ ئینتیمایەکیان بۆ رابردوو و ئێستای کەمەڵگای کوردستانی هەیە.

پەروەردەکردن پرسەیەکی کەمایەتی ڕکخراوە، تیایدا زانین لەبارەوە بۆ وەرگرێ دەگوزارێتەوە، بەمەبەستی ئامادەکردنی تاك بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی جیاجیای کەمایەتی و سیاسی و ئابووری.. تاد. پەروەردەکردن پرسەیەکی ئاڵۆزە و قەناغبەندە، سەرچاوەی جیاوازی هەیە، هەروەك ئەوەی جۆری جیاوازیشی هەیە.
ئەگەر کولتوور کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ بێت، ئەوا پەروەردەکردن مەکینەی ئەو بەرهەمە دروست دەکات. بەبێ پرسەی پەروەردەکردن کولتوور ناتوانیت مرۆڤ بەرهەمبهینی و ژیانی کەمایەتی سەقامگیر بکات، ئەمەش بەهۆی ئەو ئەرك و بایەخانەی کە پەروەردەکردن بۆ مرۆڤ (تاك) و ژیانی کەمایەتی (کۆ) هەیەتی.
پەروەردەکردن (پۆزەتیڤ) و (نگەتیڤ)ی هەیە، پەروەردەکردنی

پەرەتیف ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت. فاکتەرێکی گرنگی پشکەوتنی کۆمەڵگایە، بەهۆی ئەوەی تاك بە ئەرك و مافەکانی هۆشیار دەکات، وای لێدەکات بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەئەستۆ بگرێت، ئینتیمای بێ نیشتیمانەکەی هەبێت، تراديسیۆن و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان پەیرەو بکات، ریزی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بگرێت.

پەروەردەکردن پرسەیەکی مەعریفییە، بەهۆیەوە تاك لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بێ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگوازرێتەوە. جەوهەری بەیەکەوە ژیان، ئامانج، پرنسیپ و بەها بالاکانی کۆمەڵگا (بەگوێرەی ئەو سەردەم و رەوشەی تێیدا دەژیێت) دیار دەکات. بەڵام پرسیاری سەرەکی لە چییەتی ئەو پرسە پەروەردەییەدایە. بەوەی، چۆن مرۆڤ دروستدەکات؟ بە چ ئاقارێك ئاراستەی دەکات؟ کامە پرنسیپ، بەها و بەرژەوەندی بالا دەکات؟

لەژیاندا مرۆڤ سەنتەری بەرژەوەندییەکانە، بەدیهێنانی هەر بەرژەوەندی و ئامانجێکیش لەرێگەی پرسەی پەروەردەکردنی مرۆڤەوە بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەمە پرسەی پێگەیاندن و ئامادەکردنیەتی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج. بەڵام لەبەرئەوەی ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لە تەنهاییدا جیاوازە وەك لەو پێکهاتەی گەورەتردا (گرووپ، پارت، کۆمەڵگا)دا، بۆیە بەرژەوەندی تایبەتی کەسێك لە بەرژەوەندی گشتیدا جیاواز دەبێت. هەندێکجار بۆ کەسانێك بەرژەوەندی (تایبەت) و (گشتی) هاوتەریب و هەندیکجاریش دژ بەیەك دەبن.

بەشیوەیەکی گشتی مەعریفە بریاردەری هەسوکەوتی مرۆڤە بەئاراستەی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی، کەواتە ئەمە لەبەردەم پرنسیپ و بەهای بالای گشت لەلایەك، و بەرژەوەندی تاك لەلایەکیتر داین، بەمانایەکیتر لەبەردەم ئەخلاقی گشتی و حەزی تایبەتیداین، لێرەوەیە پەروەردە هەم رۆلی رێگانیشاندەر و هەمیش چاودێر دەبینێت، واتا رێگاپێدراو و تابۆ بۆ مرۆڤ دیار دەکات.

مرۆڤ هەم کار بۆ بەرژەوەندی گشتی و هەمیش بۆ بەرژوەندی تایبەت دەکات. بەڵام چ کاتێك قبوڵکراوە مرۆڤ کاری تایبەت و خۆپەرستی بکات؟ چ کاتێکیش کار بۆ بەرژەوەندی گشتی؟ ئەگەر بەرژەوەندی تایبەت دژی بەرژەوەندی گشتی بوو، ئەوا کامەیان لەپێشدا پەیرەو بکرێت؟
لەسەر ئاستی تیۆری وەکو پرنسیپ لەلای زۆرینەی فەلسەفەکاران

بەرژەوەندی گشتی پێش بەرژەوەندی تایبەت خراوە، لە فەلسەفەی مارکسیدا، لەپیش و پاش مارکس، تەنانەت لە ئیسلامیشدا هەروایە. بەلام لەژیانی کۆمەڵایەتیدا و لای هەموو تاکەکان پرسەکە بەو شێوەیە نییە. بەتایبەتی لای بەرپرسوەبەر و سیاسەتکارن. لەلای ئەمانەدا زۆرجار بەرژەوەندی تایبەت پێش بەرژەوەندی گشتی خراوە، سەدان نمونەی دیاریش هەیە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە.

دیارە هەر یەکێك لەم دوو بەرژەوەندییە بوار و سنووری خۆی هەیە. تا ئەو شوێنەی خزمەتڕسانی و بەرژەوەندی تایبەت لەسنووری تایبەتدا پەیرەو بکرێت، نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی، یان بەکەسیتر، ئەوە قبووڵکراوە، بەڵام کاتێك بەرژەوەندی تایبەت هەرەشە بێت بۆ سەر ماف و بەرژەوەندی گشتی، یان ببێتە هۆی بەرجەستەکردنی دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی وەکو دزی و گەندەڵیکردن، یان کارەسات و گیان لەدەستدانی مرۆڤی دیکە، ئیدی ئەمە قبوولکراو نییە. چونکە زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی زیانگەیاندنە بەکێی کۆمەڵگا. پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر بەرژەوەندی گشتی دەبێتە هۆی ئەگەری نەهێشتنی ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگادا. هەروەها دەبێتە هۆی ئەگەری خیانەتکردن.

کۆمەڵگاکان لەهەر قۆناغێکدا خەونی پەیوەست بەخۆیان هەیە، یەکێك لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە پێویستە بۆ بەرجەستەکردنی خەونەکانیان لەبەرچاو بگیرێت، بریتییە لە پەروەردەکردنی پێزەتیڤی تاکەکان، چونکە دواجار ئەوە تاکەکانن ئامانجەکان بەرجەستە دەکەن. ئەو قسەیە بۆ کۆمەڵگای کوردستانیش هەر راستە.
بەبۆچوونی من لەئێستادا یەکیك لە خەونە هەرە لەپێشینەکان بۆ کوردستان، دەستەبەرکردنی مافی سەربەخۆییە. ئەو خەونە بەهایەکی باڵایە و نابێت بکەوێتە ژێر هەرەشەی بەرژەوەندی تایبەتی مرۆڤێك، یان گرووپێك. نابێت بکەوێتە ژێر هەرەشەی خیانەتکاری، وەکو ئەوەی لە 16 ئۆکتۆبەردا بینرا. بەڵام بۆچی خیانەتکاری؟ خیانەتکردن چییە؟ چەمکی خیانەت لەلایەنی زمانەوانییەوە بەمانای غەدر و نەبوونی دڵسۆزی و ئینکاری ئینتیما دیت. بەڵام لەلایەنی زاراوەییەوە واتا یاریکردن، یان شێرزەکردنی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، و پیلانگێری بەسەر مافە رەواکانی گەل، رادەستکردنی وڵات بە دوژمن، یان خولقاندنی حالەتی شێرزەیی کە ئاسانکاری بۆ دەستخستنی وڵاتانی تر بۆ ناو کاروباری وڵاتی خۆی دەکات، وەکو تاوانی تایبەت سەیری دەکریت کە جیاوازە لەو تاوانە ئاساییانەی کە لەیاساکاندا سزای بۆ دانراوە.

کەواتە هەر کەسێك پەیوەندی بەوڵاتی دەرەکی بکات بۆ لەناوبردنی سەقامگیری و ئاسایشی وڵاتەکەی، لەگەڵ وڵاتی دەرەکی دژی وڵاتی خۆی بجەنگێت، پلاندابنێت بۆ کوشتنی سەرکی وڵات، یان بەرپرسەکانی، نهێنی وڵاتی خۆی بداتە وڵاتی دەرەکی. هەموو ئەمانە کاری خیانەتکارین. هەموو ئەمانەش لە رەفتارەکانی گرووپی 16 ئۆکتۆبەر بینران.

ئەو گرووپە بوونە هەرەشە بۆ سەر مافی سەربەخۆی نیشتیمانەکەیان، لادەرن لە بەها و پرنسیپی بالای نیشتمانی، ئەوان تاوانکارن، چونکە ئەو ئامانج، پرنسیپ و بەها بالایەی کە مرۆڤگەلێك خۆی لەپێناویدا بەختکردووە، ژێر پێخراوە، مافی گشتی پێشێلکراوە، بەهۆیەوە شکۆی گشتی شکێندراوە، زیانی ماددی و مەعنەویش بە مرۆڤی دیکە گەیەندراوە. لێرە دەبێت پرسیار لە پەروەردە و مەعریفەی ئەو تاکانە بکرێت. دیسان پرسیار لەو بەرژەوەندییانەش بکرێت کە ئەم تاکانە هەیانە. بۆچی ئەمەیان کرد؟
رووداوەکان و کاراکتەرەکانی پێش و پاش 16 ئۆکتۆبەر دەتوانین بەهۆی هاوکێشەی (مەعریفە + کردەوە + بەرژەوەندی) بخوێنینەوە. پەروەردکردن وەکو بەشێك لە مەعریفەی بکەرەکانی ئەو رووداوە، کێشەی نیشتیمانی بوونی هەیە، کێشەی ئەخلاقی هەیە، کێشەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی هەیە، بۆیە دەبێت پرسیار لەو کەسانە بکەین کە بکەرە کوردەکانی 16ی ئۆکتۆبەریان پەروەردە کردووە، مەبەست مامۆستاکانی خیانەتکارانە (وەکو نێرەرەی پرسەی پەروەردەکردنەکە). دەبێت پرسیار لەو هزرانە بکەین کە بۆ بکەرەکانیان گواستۆتەوە. ئایا هزری پەروەردەیی ئەوان کوردانە بووە؟ مرۆڤانە بووە؟ چ بیرکەیەکیان پێگەیاندون لەبارەی پرسی نیشتمان؟ لەبارەی پرسی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەت؟ لەبارەی چۆنیەتی پێشرەویکردنی گەلەکەیان؟ لەبارەی چۆنیەتی سەیرکردنی بەرانبەری پێشبڕکێکار؟... تا، دەشێت دەیان پرسیاری جیدیان لەبارەوە بکرێت.

دەشێت شیکاری بۆ چییەتی پەروەردەکردنی هەر کەسێك بەهۆی کردەوەکەیەوە بکرێت، واتا شیکاری بۆ مەعریفەی ئامادە و بەهای باڵای ئەو کەسە بکرێت. هەروەها شیکاری بۆ بەرژەوەندییەکانی بکرێت، بە چ مەبەستێك ئەو کردەوەیەی کردووە.
کاتێك گرووپی 16 ئۆکتۆبەر دژی مافی سەربەخۆی نەتەوەکەی رەفتار دەکات، ئەوا بگومان هەگری پەروەردەیەکی نگەتیڤ بە مافی سەربەخۆییە. خەونی سیاسی بەخیانەتی سیاسی لەبار دەبرێت، ئەمەش

زادەی پەروەردەیەکی نۆگەتیڤە، ئەمەش وەکو ئەمرۆکی حەتمی پەیوەندی بەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە کە تیایدا پەروەردە کراون، پەیوەندی بەو هزرانەش هەیە کە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە بۆیان گواستراوەتەوە.

باشە با بپرسین مامۆستاکانیان کێن؟ پێشینەی مژووییان لەبارەی پرسی نیشتیمان و خیانەتەوە چییە؟ چ رەفتارێکیان کردووە؟ بە لێکۆینەوە لە رەفتارەکانیان و زانینی رەوشتیان، پێشبینی دەکرێت چۆن سەرانی 16 ئۆکتۆبەریان پەروەردە کردبێت؟

کاتێك دەبینین مامۆستاکان و قوتابییەکان لەدژی سەربەخۆیی کوردستان هەمان رەفتار (خیانەت)یان کردووە، ئیدی دەگەینە ئەو باوەری کە پێناچیت پەروەردەکردنی خیانەتکاران پێزەتیڤ بوو بێت. پێدەچێت مامۆستاکان گەرای خۆیان لەهەناوی قوتابییەکانیان چاندبێت، فۆریانکردبن چۆن هەر کاتێك باسی سەربەخۆیی کوردستان کرا، یەکسەر رەوشی گشتی کۆمەڵگا تێکبدەن، کێشە و دووبەرەکی دروستبکەن، هەموو رتووشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر روخساریان لابدەن، ماسکەکان بدرینن، ئیعلانی دوژمنداری مافی سەربەخۆیی بکەن و برێنە پال دوژمن، موئامەرە بکەن، تەنانەت لەگەل شەیتانیش لەدژی ئەم خواستە رێکەون. جگە لەمە مامۆستاکان کە بەبێ مومارەسەکردنی دەسەڵات ناتوانن، لەهەمانکاتیش سەرکردەی نیشتیمانپەروەر نین، بەقوتابیەکانیان وتووە، ئەوە پێویستە بڵێن ئەمە سەرکردەی ئەو گەلەین، لەفتی نیشتیمانپەروەر و شۆرشگیری لیبدەن، هەر شتێکتان پێنەکرا مەیەڵن کەسانی تر بیکەن. لەبیر نەکەن خەتی سوور دروستکردنی دەولەتی کوردستانی و گەیشتنی کوردە بە مافی رەوای خۆی.

ئەگەر مامۆستایانی پەروەردەکردنی بکەرانی 16 ئۆکتۆبەر ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانیتر، کە خۆیان لەمژووی خۆیاندا خیانەتیان کردبێت و دژی کورد بووبن، نابێت چاوەروانی خیانەت لە قوتابییەکانیان (نەوەکانیان) نەکەین، هەڵەیە پێمان وانەبێت هێرێ وەکو باوکی و پاڤیل وەکو باوانی خیانەت نەکات، وەکو دەڵێن گیا لەسەر پنجی خۆی شین دەبێت، چونکە مامۆستا هەوڵدەدات قوتابی لەسەر بەها، پرنسیپ و دونیابینی خۆی پەروەردە بکات. بەو پێیەش خیانەتکار شۆرشگێر بەرهەمناهێنی، بەتایبەتی ئەگەر قوتابی و مامۆستا پەیوەندی خوێنیان هەبێت، و هەڵگری کەمترین مەعریفەی مرۆیی و ئەخلاقی شۆرشگیری بن.

بکەرە کوردەکانی 16 ئۆکتۆبەر دەمارکی ئەزەلی خیانەتیان لەنیو جەستەدا هەیە، ئەو دەمارە خوێنکی تایبەتی پێدا تێپەر دەبێت، ناتوانن نەشتەرگەری بۆبکەن و لێیدەربازبن. دکتۆرە فارسەکان زانیاری زۆریان لەبارەی سروشتی ئەو دەمارەوە هەیە، هەر بۆیەش بەبۆ باکانە دەیانوت خەونی سەربەخۆیی کوردستان لەناو دەبەین، فارسەکان دەمارەکەیان تەقاندەوە، خوێنەکەیان بەسەر جەستەی نەخۆش پەخشکرد، ئیدی نەخۆش بارگاویبوو بەخوێنی رەش، تاریکبینانە چوونەوە سەر ئەسلی خۆیان و خیانەتەکەیان کرد.

خیانەتکار هەر چەندە سەروەتی ماددیشی دەستەکەوت، بەڵام لەراستیدا سەروەتی مەعنەوی و رەمزی وێران بووە، زۆر هەژارە، کەسی نەماوە، وڵات، کەسوکار، ئەخلاق، بەها، رۆزو سەنگی کۆمەڵایەتی، تەنانەت مۆژوویی خەباتکردنی خۆیشی لەدەستداوە، تەنها خیانەتکردنی بۆ ماوەتەوە. هیچ کەسیك لەناخەوە حەز ناکات لەگەل خیانەتکار هاموشۆ بکات، یان رۆزی بگرێت. ئەمانە هەمووی زادەی پەروەردەیەکی نۆگەتیڤە کە خیانەتکار بەرهەمدەهێنی، بەپێچەوانەی پەروەردەکردنی پۆزەتیڤ کە نیشتیمانپەروەر بەرهەمدەهێنی. رۆز و بەهای کۆمەڵایەتی پێدەبەخشی، رۆحی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی لا گەورە دەکات، خۆشەویستنی نیشتمانی لا بەهێز دەکات.

قارەمانەکانی 16 ئۆکتۆبەر کۆشەی پەروەردەییان هەیە، هەوێش دەدەن کۆشەکە بەسەر گشت کۆمەڵگا، بەتایبەتی شوێنکەوتووانیان لە زێنی ملکەچی سەوز- نیللی پەخش بکەن.
ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان خیانەتکار زۆر بکەن، هاوڕێ بە خۆیان پەیدا بکەن. لەو زێنەدا بینیمان منداڵی هەرزەکاریان هێنایە سەر شەقام، کارتێنی جیاجیان بەدەستەوە بوو، یەکێکیان لێی نووسرا بوو "موچەمان دەوێ و دەولەتمان ناوێ"، یان مامۆستا زەلیلانە لەسەر شەقام وەستابوو، سڵۆگانی "بەڕێ عێراق و نەخێر کوردستان" بەرزکردبۆوە، یان لەتەلەڤزیۆن بەدەنگی بەرز یەکێك وتی "حاشا لەم جلە کوردییانە کە کوردیشم"ێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە منداڵی تورك بە دەستەواژەی "تورکیا لەبەرانبەر هەموو دونیایە" پەروەردە دەکرێت.

ئەوان هەوڵی پەخشکردنی ستریاتیپێك لەنەخشەی زەینی تاکی زێنەکەیان دەدەن، ئەویش بەکۆیلەکردن، دز و ...تاد بەرانبەر و ململانێکارە ئەزەلییەکەیان، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە.
ئەو ستریاتیپە بنەمایەکەی بۆ تیرۆری فکری و مەعنەوی بەرانبەر. هەر بەوەندەش نەوەستاون لە دژی هەر پیشبرکێکارێکی خۆیشیان بەکاریدەهێنن، بەپێدانی وێنەی کۆیلەبوون، یان پارتیبوون.

شۆنکەوتووانیشیان تارادەیەکی زۆر ئەو بیرۆکەیان قووتداوە وەهەزمکردووە، ئیدی ستریاتیپی ئەوانە، بۆئەوەی کەمترین پرسیار یان گومان لەو وینە بەخشینە بە بەرانبەر بکەن.

شۆنکەوتووانی گروپی 16 ئۆکتۆبەر کە نەیارانیان بەکۆیلە پێناس دەکەن، پێویستە لەخۆیان بپرسن ئەوان لەکوێوەی ئەو پێناسەن؟ ئایا (بەپێی لۆژیکی ئەوان) بەکۆیلە بینینی بەرانبەر بۆ ئەوانیش راست نییە؟ چی ئەوان لە بەرانبەرەکەیان جیادەکاتەوە؟ کامەیە ئەو کارە جیدیە گرنگەی ئەوان کردبێتیان بەرانبەر نەیانکردبێت؟ کامەیە ئەو دیاردە مەدەنییە شارستانیانەی لای ئەوان هەیە و لەلای بەرانبەر نییە؟ لەکوێدا دونیای ئەوان خۆشتر و جوانترە لە دونیای کۆیلەکان؟ گرووپی 16 ئۆکتۆبەر خەریکی دروستکردنی کۆیلەی مەدیرنن، کە خیانەتکار بەپالەوانە و دز بە پارێزەری ماف دەبینن، گرووپی 16 ئۆکتۆبەر هەرچییەك بڵێن و بکەن کۆیلەی مەدیرن قبوولیانە، نەك هەر ئەوە بەلکو خیانەتکار وێنەی کاراکتەری فریادرەسی وەرگرتووە. پرسیاری جیدی ئەوەیە، هەر بەراستی خەڵکی ئەو دەڤەرە خیانەتکار و نەفت دز بەسەرکردەی خۆیان قبووڵە؟ یان ترسنۆکن و لە دیکتاتۆریەتی خیانەتکاران دەترسن؟

لێرەوە کوردستان دوو کێشەی هەیە، یەکەمیان کێشەی نەبوونی شەهامەت و قبوولکردنی ترسنۆکی خەڵکی دەڤەرێك، کەسانێك دەبینێت کە بەهۆی کردەوەکەیانەوە کەمەڵکی زۆر خەڵك دەربەدەر بوون، ژمارەیەك پێشمەرگە و خەڵکی دیکە کوژراون، ماڵ سوتێنراون، دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر کەمەڵك ژن و پیاوی ئەو وڵاتە، کەچی ناتوانن هەڵوێستەکی شەرمنانەش دەربڕن. ئەمە کاتێك کوشندەتر دەبێت کە دامەزراوەکانی کەمەڵگای مەدەنی، نووسەر و چالاکوانە سیاسییەکانیش دەگرێتەوە. بەدەنگبوونی نووسەرەکان و چالاکوانانی سیاسی دەڤەری سەوز- نیللی دەشێت بەهەمان لۆژیکی پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر بەرژەوەندی گشت لێکبدرێتەوە، یانیش بەهەبوونی ترس لە دەسەڵاتی ئەو دەڤەرە.

دووەمیشیان کێشەی مەعریفی تاکی کوردییە، کێشەی پرسەی پێگەیاندنی کەمەڵایەتی و سیاسییە، تاکی کوردی لە پرسەکانی ئینتیمایی نیشتمانی و نەتەوەییدا هەڵگری مەعریفەیەکی ئاست نزمە. وا دەبینم کە پێویستە توژینەوەی جیدی لەسەر سیستەمی پەروەردەیی کوردستان بکرێت، تاوەکو بزانرێت بۆچی تاکی کوردی باکی بەخیانەتکردن نییە. باکی بەشکانی شکۆی نەتەوەکەی نییە؟ سووتاندن و تەقاندنەوەی مالی براکەی نایجولێنی؟ دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتی کورد

نایجولێنی؟ جگە لەمە تاکەکانی ناوچەکان بۆ ئەوەندە دژی یەکترن؟ ئەو هەموو بیحورمەتیکردنەی سلێمانی بە هەولێر کە زەمەنێکی زۆرە بوونی هەیە، (ئێستاش بەڕێچەوانە هەولێر دەستی پێکردووە) لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەو هەموو دوژمنداری و بەکەم سەیرکردنی یەکتر لەچییەوە دێت؟ ئەوەندە حەزی لەناوچوونی ئەویتر لەچییەوە دێت؟ پرسێکە رۆژیێ بۆلام زۆرینەیە.
ئەگەر بەشێکی پرسەکە پەیوەندی بە پەروەردەی بکەرە کوردە سەرەکییەکانی 16 ئۆکتۆبەرەوە هەبیت، ئەوا بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی کێی گرووپ و لایەنە بەشداربووانەی پرسەکەوە هەیە.

دیارە گرووپی 16 ئۆکتۆبەر پەیمانی گەورەی ئابووری و سیاسییان پێدراوە، هەر لەپارەی نەوتی دزراوی کەرکوك تا نەهێشتنی دەسەڵات و نفوزی نەیارەکان لەپارتەکەی خۆیان، ئینجا لەناوبردنی پارتی دیموکرات (کە ئەمە خەونی مامۆستاکانیش بوو). ئەوان کە دەمارێکی خیانەتیان تیدایە، بەرژەوەندەیەکی بچوك بەسە بۆ ئەوەی خیانەت بکەن. دەیان بنەماش دەبیننەوە بۆ باوەڕهێنان بەخۆیان، کە ئەوەی دەیکەن راستە. لەگەل ئەمەشدا ئامرازی راگەیاندن و خەلکێکی مەعریفە نزمیشیان هەیە بۆ رەوایەتیدان بە کارەکەیان.

زەمینە خۆشکردنی ئەو پرسەیە، بەدەنگی لایەنی ناوەخۆ و دەرەکییە، لەوانە بەدەنگی سەرکی کۆمار، کە بەداخەوە کوردە، هەروەها هاوکاریکردنی پرسەی خیانەتکردنەکەیە لەلایەن هەندێك لە پەرلەمانتارە بەناو کوردەکانی عێراقە، ئەوانەی تاسەر ئیسقان دژی سەربەخۆیی کوردستانن. ئەمانیش بەرژەوەندیان لەو پرسەیەدا هەیە.
ئەگەر تێبینی بکەین، یان کوبیش (سلێڤاکی)، برێت ماکگورك (ئەمریکی)، قاسم سولێمانی (ایرانی)، ئەردۆگان (تورکی)، بالیزی (بەریتانی)، حزبی خوای (لوبنانی)، حەیدەر عەبادی و حەشدی شەعبی (عێراقی)، لاهور و پاڤیلی (بەناو کورد)، چ شتیك کۆیاندەکاتەوە، جگە لە بەرژەوەندی هاوبەش، بەدبەختی کورد ولەناوبردنی خەونی سەربەخۆیی، لەگەل غەدری سیستەمی نادادپەوەری جیهانی نەبێت؟! سیستەمی جیهانی سیستەمێکی نادادپەروەرە بەسەر مافی کەمە نەتەوەییەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست. بۆنموونە کورد:

رۆژئاوای عێراق، رۆژئاوای ئێران، رۆژئاوای تورکیا، رۆژئاوای داعش، رۆژئاوای حەشدی شعبی ..تا کوردستان وێران و تێپباران دەکەن، کورد دەکوژن و دەربەدەری دەکەن. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش تەنیا تەماشا دەکەن. بەڵی ئەوەیە نادادپەروەریی سیستەمی جیهانی، هەندێك دەبێت بمرن، تاوەکو هەندێك خۆش بژین.

ئاراستەکردنی موشەکێك بۆ سەر سعودیە کە لە ئاسمانەوە تەقێنرایەوە، کردەوەیەکی تیرۆری لە شەقامێکی میسر، یان تورکیا..تاد، بەسە بۆ ئەوەی ولاتانی زلهێزی جیهان بینە سەرخەت و باسی پشتگیری و هاوکاری بکەن، بەڕام داگیکردنی کەرکوك، خورماتو و شەنگال، کوشتن و بریندارباوونی سەدان کورد، سوتاندن و تەقاندنەوەی مال و دەربەدەربوونی سەدان هەزار خەلکی کورد هیچ هەلوەستەیەکی بەو ولاتانە نەکرد، کەس ئامادەیی هاوکاری و پشتگیری پێشکەش نەکرد. ئەمە بۆ؟ چونکە سیستەمی جیهانی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی گەورەکان بوونیادنراوە، بۆ ئەمە ئەگەر گەلانی ژێردەست و کەمینەکان جینۆسایدیش بکرێن کێشە نییە.

کورد باجی ئەوە دەدات کە داوای سەربەخۆیی دەکات، دەیەوێت بەئازادی بژیێت. بەلام ئەگەر کورد دەیەوێت ولاتی کوردستان دروست بکات، ئەوا دەبێت بیر لەزەر پرس بکاتەوە، کە یەکیك لەگرنگترینیان پرسی بەپێزەتیف پەروەردەکردنی تاکەکانیەتی بە مافەکانی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان. تاکی کوردی دەبێت وا پەروەردە بکرێت، کە هیچی کەمتر نییە لە عەرەبێك، تورکێك، فارسێك و ئەمریکییەك.

تاکی کوردی دەبێت فێری خۆشویستنی نیشتمان بکرێت، هەروەکو ئەوەی پیشمەرگەیەك دەڵێت "لە برسان خاك دەخۆم بەس خاك نافرۆشم". یانیش ئەوەی رۆژهەڵات دەڵێت "لێرە کەس نیشتیمان نافرۆشێت".
ئەگەر بمانەوێت کوردستان ببێتە دەوڵەت، دەبێت رووداوی 16 ئۆکتۆبەر لیکۆلینەوەی زانستی جیاجیای لەسەر بکرێت، دەبێت لە وانەی مێژوو لە زانکۆ و قوتابخانەکان بخوێندرێت.

ئێستا وەکو دەبینرێ خیانەکاران بەدەنگی زولال و زۆر بیمنەتانە قسە بکەن، پێدەچێت کەسیش نەتوانێت بینخاتە قەفەسی ئاسنینی دادوەری. ئەمەش سەروەری وڵات و سیستەمە دادوەرییەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بەهۆی ئەمەشەوە ئەگەری خیانەتکردنی دیکەش مومکین دەبێت، بۆیە دەبێت خیانەتکاران دەستگیر بکرێن، لێکۆینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، سزای خۆیان وەربگرن.
دواجار من هاورام لەگەل ئیسماعیل بێشکچی کاتێك وتی پێویستە لێکۆلینەوە لە پەروەردەی بەشیکی مالباتی تالەبانی بکریت، ئەوانی بکەری 16 ئۆکتۆبەرن.

د. زیرەك عەبدوڵا – ئەلمانیا